# مۆتیڤی پایز
# لە شیعرەکانی بێسارانیدا

د.ئەنوەر قادر محەمەد/ کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی**

ئەدەب بەدیالێکتی گۆرانی (هەورامی)، بەشێکی دەوڵەمەندی مێژووی ئەدەبی کوردییە. ورده ورده دیوانی شاعیرەکان چاپ و بڵاودەبنەوەو ناوبەناویش باس و وتاریان دەربارە دەنووسرێ، بەڵام هێشتا تۆژینەوەی زانستی دەربارەی گەلێك لەم بەرهەمانە نەکراوە.
یەکێك لەو بەرهەمانەش لیریکی شاعیری ناسراو مەلا مستەفای بێسارانییە (١٦٤١-١٧٠٢)، کە یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی ئەدەبی کوردی بەگشتی و دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) بەتایبەتی. ئێمە لێرەدا لەلایەنێکی لیریکی سرووشت- مۆتیڤی پایز* - دەکۆڵینەوە، بەو هیوایەی لەداهاتوودا لەگەڵیَ لایەنی تری بەرهەمی ئەم شاعیرە بکۆڵینەوە.

زۆر لەوانەی باسی شیعری بەدیالێکتی گۆرانی نووسراویان کردووە، بەتایبەتی رۆژهەڵاتناسەکان لەوانە: ڤ.مینۆرسکی (٤)، ب.سۆن (٦)** ئاماژەی بایەخی سرووشتیان لەم شیعرەدا کردووە. هەروەها م.ب.ڕودینکۆش ئاوا دەربارەی سرووشت لەئەدەبی ئەم دیالێکتەدا دواوە: ((یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیرانی هەورامان لیریکای سرووشتە، باسی خەزانی پایزە، هەموو کاتێکیش لەگەڵ هەستو نەستو ئەندێشەی مرۆڤدا دەربڕدراوە. شاعیران بە میتافۆر (خواستن) ی قووڵ و بەراوردی دانسقەو چاوەڕواننەکراو و دەربڕینی ناسك تابلۆیەکی تەواویان نەخشاندووە.)) (١٣، ل ١٠١).

سرووشت هەمیشە بەشێکی بەرچاوی بەرهەمی شاعیرانی ئەم دیالێکتە بووە. بێجگە لە تەرخانکردنی غەزەلی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە، لە شیعرو نیگارکێشانیشدا ئەرکێکی هونەری گرتۆتە ئەستۆو بەشێکی سیستێمی وێنەی شیعری و بونیادی پێکهێناوە. هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان بەچاوی بابەتی سرووشتەوە لە ڕەسم و ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بۆ نیگارکێشانو شیعری ڕۆژهەڵاتیان ڕوانیوە، بۆیە کەوتوونەتە هەڵەوە. لایان وابووە، لەئەدەبی

ڕۆژهەڵاتی هەمان قۆناغدا، هەروەك ئەورووپا، ئەو بایەخە بە سرووشت نەدراوە، بۆنموونە زانای ڕووس ئا.یا.گورێڤیچ باسی ئەمەی کردووە (١٢)، بەڵام ئەم بۆچوونە هەر لەلایەن زانا ئەورووپاییەکان خۆیانەوە بەرپەرچدراوەتەوەو ئاماژەی بایەخی سرووشتیان لەشیعری ڕۆژهەڵاتدا کردووە.

ئەوەی پەیوەندیی بەم لێکۆڵینەوەی ئێمەوە هەبێ، کە دەربارەی پایزە لەشیعری بێسارانیدا، ئەوە هەرخۆی باشترین نموونەی سەلماندنی بایەخ و گرنگیی سرووشتە لەشیعری دیالێکتی گۆرانیدا، کە سرووشت ڕەگەزێکی بنەڕەتیی سەرتاسەری دیوانەکەیەتی، چ وەك بابەتێکی تایبەت و چ وەك بەکارهێنانی لەسیستێمی وێنەی شیعری و بونیادی هۆنراوەکانیدا.

لیریکی بەدیالێکتی گۆرانی نووسراو، بەپێچەوانەی ئەو شیعرە کوردییەی کە لەسەربناغەی شیعری کلاسیکیی عەرەبی– فارسی و یاساو ڕێسا ڕەوانبێژییەکانی دامەزراوە، بنەماکەی فۆلکلۆری کوردییە، چ لەڕووی کێش و سەرواو چ لەڕووی زمان و هەندێ ڕووخساری هونەریی تری ئەدەبی زارەکییەوە، وەك بایەخ بە سرووشت دان و لەشیعردا بەکارهێنانی. هەر ئەمەش وایکردووە، کە باسی هەندێ سیماو ڕەگەزەکانی ڕۆمانتیکییەت لەشیعری دیالێکتی گۆرانیدا بکرێ. هەرچەندە ئەم ئەدەبە لەڕووی مێژووییەوە پێش پەیدابوونی قوتابخانە– ڕێبازی ڕۆمانتیکییەتە (کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم) لەئەدەبی ئەورووپاییدا. ئێمەش مەبەستمان ئەوە نییە، کە بڵێین بەو فراوانییەو لەوئاستەدا ڕۆمانتیکییەت لەئەدەبی کوردیدا هەبووە (شایانی باسە، ئەو شاعیرە ئەورووپاییانەش کە بەرهەمەکانیان سەر بەم قۆناغەیە، خۆیان قەت ئەم زاراوەیەیان بەکارنەهێناوەو دواتر لەلایەن توێژەرانەوە پەیدابووە). لە شیعری دیالێکتی گۆرانیدا هەندێ لەو ڕەگەزو ڕووالەتانەی کە تایبەتمەندن بە شیعری ڕۆمانتیکی هەن، وەك: حوزوورێکی بەرچاوی سرووشت، سوورانەوە بەدەوری خودو هەستو نەستو ئەندێشەکانیدا، نزیکیی لە بونیادی هونەری و زمانی ئەدەبی میللی...هتد.

مۆتیڤی پایز*** لە لیریکی بێسارانیدا بەرچاوەو لەدیوانەکەیدا**** (١٩) غەزەلی تایبەت بە پایزی تێدایە. سەرجەم غەزەلەکانی ئەم دیوانە (٣٠٦) غەزەلن. هەروەها لەهەندێ دێڕو شوێنی تری شیعرەکانیدا پایزو وێنەی پایزە هەن.

غەزەلەکانی بێسارانی لەڕووی باس و ناوەرۆکیانەوە جیاوازن و چەند جۆرێکن:

- شاعیر هاوخەمە لەگەڵ وەرزی پایز– خەزان و گەڵاوەریندا.
- شاعیر دوورە لەیارو خەزان لەنەمام و درەختەوە دەوەرێتە سەرخاك.
- جاروبار کەش و هەوای خەزان لەباری دەروونیی شاعیر باشترە.
- یان شاعیر– پاڵەوانی لیریکی سەیری خەزان دەکاو لەدەوروبەرو شتەکان دەڕوانێ و ڕادەمێنێ،...زیاتر بابەتەکان لەم جوغزانەدا دەخولێنەوە.

بونیادی شیعری لیریکی گۆرانی، بەشێوەیەکی گشتی، بونیادێکی تۆکمەو بەشێوەیەکی ئۆرگانی تێکچڕژاون و سەرەتاو ناوەندو کۆتاییان هەیە. هەندێ جار بەشێوە تەقلیدییەکە نازناوی شاعیر لەکۆتاییدا دێ، یان جاروبار لەناوەند یان لەدێڕێکی تردا شاعیر ئەمە دەکات، واتە بەپێچەوانەی

یاساو ڕێساکانی غەزەلی فارسی- عەرەبی کە باس لەسەربەستی و مانابەخشینی بەتەنیای هەر بەیتە دێ. هەرچەندە هەندێ ڕۆژهەڵاتناسی ئەدەبناس پێیان وایە، کە تەنانەت ئەو ئازادیی بەیتەی شیعری کلاسیکی عەرەبی- فارسی بێگومان کوردیش بەوشێوەیە نییەو ڕووالەتی و فریودەرە. چونکە بونیادی ئەو بەیتانە بەدەوری خاڵێکدا کە بیری غەزەلەکەیە گەشە دەسێنێت و لەڕێگەی وێنەو لایەنە هونەرییەکانی ڕەوانبێژییەوە بەشێوەی جوغزئاسا بونیادەکە تۆکمە دەکات. سەرەڕای ئەوەش سەرەتاو ناوەندو کۆتاییان هەیە. بۆ نموونە بڕوانە (١٢، ٥٥-٦١)[*****] . ئەوەی پەیوەندیی بە لیریکی دیالێکتی گۆڕانییەوە هەبێت بەشێوەیەکی گشتی و بێسارانیش بەتایبەتی، ئەوا بونیادێکی ئێپیك (داستانە شیعر) ئامێزی هەیەو زۆرجار وێنەکان زاوزێ دەکەن و بەشێوەیەکی ئۆرگانی تێهەڵکێشی یەکترین و بە لادیمەنەکانی بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ بونیادی غەزەلەکە پێکدێنن، ئەگەر سەرنجی ئەم پایزە غەزەلانە بدەین کە بە نموونە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێناومانتەوە، ئەوا ڕاستیی ئەم ڕایەمان بۆ دەردەکەوێ.. هەروەها شێوازێکی تری ئێپیك گێڕانەوەیە، کە دیسانەوە شاعیر بەکاریهێناوەو ئاوا دەست پێ دەکات: ((ئارۆ دیم، ئارۆ شیم، ئارۆ وێنەی وێم...هتد)).. سەرەڕای ئەمانەش لە غەزەلەکاندا دیالۆگ هەیە، لە نێوان شاعیرو خەزان، شاعیرو نەمام...هتد. ئەمەش هۆی دەوڵەمەندیی دیالێکتی گۆڕانییە بەداستانە شیعری دڵداری و ئایینی و جەنگی، واتە هەندێ ڕەگەزی بونیادی داستانەشیعر گوێزراونەتەوە بۆ چوارچێوەی لیریك و سوودیان لێ وەرگیراوە.

بەگوێرەی بۆچوونی دامەزرێنەری زانستی سیمیۆتیك فەیلەسووفی ئەمەریکایی س.پێرس سێ جۆرە نیشانە هەن: ((یەکەمیان (ئایکۆنیك) ە، کە نیشانەیە بۆ ئەوشتەی تەمسیلی دەکا (بۆ نموونە، وێنەی کەسێك) (ئیندیکسیال) کە بەهۆیەوە شتت وە بیردەکەوێتەوە (دووکەڵ ئاگر، زیپکە سوورێژە)، هەروەها (سیمبۆلی) وەك دی.ساوسەر پێی وایە کە یان لەخۆیەوە دێ یان بەگوێرەی یاساو ڕێسایەك دێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەك)). (٣، ل ٨٧).

بۆ تۆژینەوەی دەقی شیعری ئەمەی سێیەمیان (سیمبۆلی) زیاتر مەبەستی ئێمەیە، کە لەگەڵ میتافۆردا ڕەگەزی گرنگی شیعرن... هەروەك ی.ئا.ریچاردز دەڵێ: ((میتافۆر تەکنیکێکی نیوە شاراوەیە، کە بەهۆیەوە لە ئەزموون و ئەندێشەدا ڕەگەزی جیاجیا کۆدەکرێتەوە، هەروەها میتافۆر وەرچەرخانێکە کە ماوەمان دەدا، ئەوشتەی پێویستمانە بیماشینەوەو بیترنجێنینە ناو ئەزموونە [هونەرییەکەوە])). (٩، ل ١٠٥).

هەروەها چنینی ئەم دەقانە لەڕووی واتاوە، یاکۆبسۆن واتەنی، لەئاستی هەڵبژاردن (selection)، واتە مانا ئاساییەکەوە دەچێتە ئاستی ئاوێتە کردن (combination) و مەودایەکی هونەری وەردەگرێ. هەمیشە وشە کە یەکەیەکی بنەڕەتیی دەقێکی شیعرییە، ئەو پەیوەندییە ناوخۆییەی دەقەکە دەنەخشێنێ وەك ی.لۆتمان دەڵێ: ((دەقی شیعری سیستمێکی هاوڕیزو هاوئاهەنگە، کە تەنیا بەشێوەی کۆنتێکستوالی- بەهۆی لێکچوون و دژ بەیەکی، جیاوازی و تەریبی ناو دەقەکە، کە تیایاندا، (واتا) لەخۆیاندا زاراوەیەکی ڕێژەییەو تەنیا بە پەیوەندیی نێوان یەکتری دەگەنە

مەبەست)). (٣، ل ٨٨).

ئەم باسەی ئێمە سەرەڕای ئەو پێشەکییە لە چوار**** تەوەرە: ١- پارادیگمی بیروبونیاد (سەرجەم غەزەلەکان دەگرێتەوە)، ٢- توانای بینینی شت (٨ غەزەل)، ٣- مۆدێلاندنی کەرەسەو کۆدەکان (٧ غەزەل)، ٤- لەسەر بنەمای یەك وێنە، داهێنانی چەند وێنەیی (٤ غەزەل)، هەروەها سەرئەنجام و پەراوێزو سەرچاوەکان پێکهاتووە.

هەر پێشەکیش پێویستە ئاماژەی ئەوە بکرێ، کە چەمکی (غەزەل) لەم باسەدا بە پێناسەی ڕۆژهەلاّتناس- ئێرانناسەکان بەکارهێنراوە. چەمکی غەزەل لای ئەمان زیاتر ڕووی شێواز دەگرێتەوە، کە دێڕەکانی لە هی قەسیدە کەمترن. ئەینا غەزەل لەئەدەبی عەرەبیدا شیعری خۆشەویستی دەگەیەنێ. بەلاّم ئەمان بابەتەکانی تریش کە هی خۆشەویستی نین، لەڕووی فۆرمەوە کورتترن، هەر دەیانخەنە چوارچێوەی غەزەلەوە. منیش هەر بەومەبەستە زاراوەی (غەزەل)م بەکارهێناوە.

لەسەرەتادا پێویستە چاوێك بەبونیادی شیعرەکان و تەوەرە سیمانتیکییەکاندا بخشێنین. بۆ ئەوەی دواتر بکەوینە شیکردنەوەو تۆژینەوەی لایەنە هونەرییەکانی تری غەزەلەکانی بێسارانی.

١- پارادیگمی بونیاد- بیری شیعرەکان

لەوردبوونەوەی غەزەلەکانی بێسارانی و تاوتوێکردنیاندا، چۆنیەتی بونیادیانمان بۆ دەردەکەوێ، کە سیستمێکی تەقریبەن هاوبەشی غەزەلی شیعری ڕۆژهەلاّتە. لەم ڕووەوە ژنە زانای ناسراوی ڕووس ی.ڤ. ستێبلیڤا دەلێ: ((....دواتر ژانری غەزەل لەفۆرمی وەسپ، یان گفتوگۆدا دەنووسرا، لەمەوە ئەوە دێتەناو، کە ژانری غەزەل هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای خشتەیەکی گشتیی لیریکی دامەزراوە: من- یار (دلّدار) سێنتەری بنەڕەتیی پێکهاتەی ناوەرۆکی دەقەکەیە، پالّەوانی لیریکی یا (من) ی دانەر تەوەرەی یەکەمی سیمانتیکی (دەلالی) پێکدێنێ، تەوەرەی سیمانتیکیی دووەمیش شۆخ، یان دلّداری شاعیر پالّەوانی لیریکییە)). (١٤، ل ١٠).

سەرجەم غەزەلەکان بەدەوری ئەم دوو تەوەرە سیمانتیکییەدا دەخولێنەوە. جارجاریش سرووشت دەبێتە لایەنێك لەم پرۆسەیەداو لایەنێکی هاوکێشەکە- گفتوگۆکە پێکدێنێ.

لەم (١٩) غەزەلەدا بەدەگمەن شاعیر بە دیدارو خۆشەویستیی یارەکەی شادبووە. هەمیشە لەدەردی دووریدا دەتلێتەوە، خەریکی سکالاّکردنە لەباری دەروونی و ژیانی خۆی. (خەزان) وەك دیاردەیەکی سرووشت، باشترین هاوکێشەیە بۆ خەم و هەستو نەستی شاعیر، بۆتە ڕەنگدان و وێنەدانی ئەندێشەی و هەموو لادیمەن و دیاردەیەکی بوونەتە هەلّگری سۆزی شاعیر، بەتایبەتیش (خەزان) چ لە فۆلکلۆرو چ لەئەدەبی کلاسیك و تەقلیدیدا (ئارکیتیپێك) ی بەهێزەو لەیادو ناهۆشیاریی خەلّکدا ڕەگ و ڕیشەیەکی قوولّی هەیەو دەتوانێ کار لە خوێنەرو گوێگر بکاتو مەبەستی هونەریی شاعیر بگەیەنێ...بۆیە وەك دوواتر زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، کە خامەی بێسارانی، لەم مۆتیڤە چ دنیایەکی شیعریی ڕەنگن و خەملاّوی بۆ نەخشاندووین.

یەکێك لەتایبەتمەندییە بەرچاوەکانی شیعری بێسارانی ئەوەیە کە لیریکی ڕووتە. تەنانەت

ئەو لیریکەش نییە کە مەودای سۆفیی هەبێ. لەئەدەبدا بەزمانە ئێرانییەکان ئەم دیاردەیە هەبووە. ز.ن.ڤەرەژێیکینا دەربارەی شیعری فارسی دەڵێ: (("شیعری ئازاد" لەخۆشەویستیی تەقلیدی [ئەوە دەگەیەنێ]، کە لەگەڵ ڕێسا باوە ئەدەبییە مەرجدارەکەی خۆشەویستیدا، شیعرێکی تر گەشەی سەندووە کە لەکۆت و پێوەندی تەقلیدیی سۆفیزم ئازادبووەو هەست و سۆزی تاکەکەسیی پێوە دیاربووە)). (١١، ل ٦٩).

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئیتر هیچ هێماو وێنەو سیمبۆلی ئایینی، یان دەربڕینی ئایینی لەم لیریکەدا نییە، نەء ! هەن بەڵام ڕووخساری زاڵی غەزەلەکان نین.

بۆئەوەی بونیادی غەزەلەکان بدەینە بەر ڕۆشنایی و بۆچوونێکمان دەربارەی پێکهاتەیان هەبێت، خشتەیەك دەکەین، بۆئەو دوو تەوەرە سیمانتیکییەی باسمانکرد. چەند نموونەیەکن بۆ باری دەروونی حاڵەتی شاعیر– (پاڵەوانی لیریکی) ← یار.

| لاپەڕەی غەزەل | تەوەرەی سیمانتیکیی یەکەم (من) ی شاعیر– پاڵەوانی لیریکی | تەوەرەی سیمانتیکیی دووەم شۆخ– یار |
|---|---|---|
| ٣٥ | سەرگەشتەی هیجران زەدەی ڕۆژگار | ----------- |
| ٣٩ | واتم من و تۆ هەردوو جەستەمان<br>ئیش مەکەران زام ماران گەستەمان | نە باڵای نەمام.... جە باڵایێ<br>تەڕ تەڕ جە نەرگس سەوڵی ئاڵایێ... |
| ٩٣ | من بەرگی بێخم پەی ئەو بێزیان<br>فیدای شەوقی دۆست...<br>بێ ئیختیار سەند، ئیختیار جە من | -----------<br>----------- |
| ١٥١ | سا من زایفیم جە بۆنەی لەیلەن<br>جە دووری یاران، داخ و وە گڵ بەردیم | خەرامان ویەرد بەسەد نازەوە<br>بەدیدەی سیوەنگ سورمە سازەوە |
| ٢١٥ | چراغم مەیل کە.... | دامانی هەردان جە عەنبەر کەیل کە |

لەم چەند نموونەیەدا حاڵەتی شاعیر– پاڵەوانی لیریکی زۆر پەرێشانەو شۆخ– دڵداریش لەوپەڕی جوانی و ناز فرۆشتندایە. زۆربەی جارەکان شاعیرو خەزان دەبنە بەرەیەك و هاودەردن، هەردوو سکاڵایانە: گەڵا لە دەست زەردبوون و وەرین و شاعیریش لەدەست ڕۆژگارو دڵڕەقیی یار... بێگومان هەندێ جار شاعیر لەحاڵەتێکی وادایە، کە ئێرەیی تەنانەت بە خەزانیش دەبا، ئەمە ئەوپەڕی ئازاری دەروونیی شاعیر دەردەخا، کە هاندەرو بەدیهێنەری ئەم غەزەلە هونەرییە پڕ داهێنانەیە.

لەم چەردە غەزەلەدا کە بۆ پایز وتراون، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی شاعیر لەگەڵ یاردا هەست پێ ناکەین، کە هەر لە غەزەلەکانی تری بێسارانیدا هەن، شاعیر زیاتر لەڕێگەی خەزان، سوەیل...هتد ئەم جۆرە کۆدانەوە حاڵەتی دەروونیی خۆی دەردەخاو، چەندجارێك باسی شۆخ و نازداریی یار کراوە، ئەویش ناڕاستەوخۆیە...لەڕاستیدا ئەمە مەودایەکی هونەریی زیاتر دەدا بەدنیا شیعرییەکەی، واتە شتەکانی دەربڕی خۆشەویستیی ئەون و بەزمانی شاعیرەوە

قسەدەکەن و ئەرکی هونەرییان خراوەتە ئەستۆ.

٢- توانای بینینی شت

یەکێك لەو شێوازانەی کە بۆ گەیشتن بە کرۆکی دنیای ئاڵۆزی واقیع و گیانی مرۆۋ و بۆ خوڵقاندنی وێنەی بەرجەستەو بەرچاوی شیعری، پەنای بۆ براوەو بەهۆیەوە شاعیر توانیویەتی نەریتە ئیستێتیکییەکان بخاتەکار بۆ ڕەخساندنی چێژ وەرگرتنی هونەری، سەرنجدان و ڕامان بووە لەدەوروبەرو شتەکان. ئەمە گرنگی و بایەخی شتەکان دەردەخا، کە دەتوانرێ لەڕێگەیانەوەو بە بەکارهێنانیان لە ئەزموونی هونەریدا، پێداویستیی چێژی ئیستاتیکیی مرۆۋ دابین بکەن و زەین و یادی مرۆۋ بورووژێنن. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ڕایەکی زانای فەرەنسی جاك دریدا بهێنینەوە کە دەڵێ: ((ڕاستیی شت (بابەت) هەر بە ساکاری خوێندنەوەی تێکست نییە، بەڵکو ڕاستیی دەروونیی مرۆڤەو حەزو ئارەزوویەتی: بەکورتییەکەی ڕۆچوونە بە قووڵایی تاریکیی بۆتەی وجوددا)). (لەم ڕووەوە بڕوانە: ٢، ل ٢٧).

ئەم شێوە داهێنانە هەر کاری لە ئۆرگانەکانی هەست نەکردووە، بەڵکو گەیشتۆتە دەروون و ناخی مرۆڤیش و چاوو دڵی ڕۆشنکردۆتەوەو جۆرە چاوکرانەوەو شادییەکی بێوێنەیان پێ بەخشیوەو گیانیان ژیاندۆتەوەو پاککردۆتەوە.

بێسارانیش لەم ئەزموونانەی هەن و سرووشت و دیاردەو شتەکانی دەوروبەری ڕەگەزی بنەڕەتیی بونیادی شیعرەکانین. لەهەندێ لەم غەزەلانەدا هەرخۆی بە: ((ئارۆ....دیم...)) دەست پێدەکات و باسی وەرزی خەزان و گەڵاڕێزان و هەڵهاتنی ئەستێرەی سوەیل دەکات. لێیان ورد دەبێتەوەو ڕادەمێنێ و دەیەوێ جوانییان نیشان بدات، دەیانکات بە کەرەسەی تابلۆی شیعریی جوان و بە هاوخەمی خۆی، لەڕێگەیانەوە ئەندێشەو سۆزی خۆی دەردەبڕێ.

هەمیشەش شاعیر- یار دوو تەوەرەی بنەڕەتیی بونیادی غەزەلەکانن. لەغەزەلی : ((ئارۆخەزانێ..)) (ل ٣٤-٣٥) دا. هاوکێشەیەکی ئاوا: گەڵا- نەمام، شاعیر- یار، پێکدێت. ئەڵقەی پێکەوە گرێدان و خاوخەمییان- دوورکەوتنەوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گەڵا | لە | نەمام | دوورکەوتۆتەوە |
| شاعیر | لە | یار | دوورکەوتۆتەوە |

گەڵا دەکەوێتە سەر زەوی کە دیاردەیەکی سرووشتییەو شاعیر دوورە لەیار کە پەیوەندییەکی نێوان مرۆۋ و کۆمەڵە. شاعیر پەنا بۆ سرووشت دەبات، بۆ ئەوەی بەهۆی دیاردەکانییەوە، خەم و ئەندێشەی خۆی لەچوارچێوەی تابلۆ شیعرییەکانیدا بنەخشێنێ، دەڵێ:

ئارۆ خەزانێ دوور جە پای نەمام
زایف و زەبوون هیجران سەرئەنجام
پەرسام هەی زەدەی گەردوونی بێ ڕام
زیندەیی سەرشووم دوور جەپای نەمام (بێسارانی، ل ٣٤-٣٥)******

لەغەزەلێکی تردا: ((ئارۆ شیام دیم...)) (بێسارانی، ل ٣٩). دیسانەوە شاعیر باسدەکا چی بینیوەو چۆن کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ گەڵایەکی زەردا. دیسانەوە هاوخەمییەك لەنێوان گەڵا- چڵ، شاعیر- یاردا هەیە. بەڵام شاعیر پێی وایە ئەم بەڕاستی و گەڵا بەخەون لەچڵ جیابۆتەوە. نەوتووڵ نەمامان- کە درکەیە بۆ نازداران لەشاعیر دوورن. لەیەکچوونێك لەگەڵ غەزەلی (ل ٣٤) دا، بەڵام جیاوازییەکیشیان هەر هەیە، ئەوەی پێشوو گەڵا- نەمام بوو، ئەمەیان گەڵا- چڵە. ئەم لەخەوندا و شاعیر لەڕاستیدا دیویەتی. خەملاندنی هەمان مۆتیڤە بەشێوەیەکی جیا، هونەرمەندانە ڕوانینە لەدەوروبەرو پیشاندانی لادیمەنەکانی شیعرەکەیە، بۆ بەرجەستەکردنی سەرجەم غەزەلەکە.

هەروەها لەغەزەلی: (ئارۆ وێنەی وێم...)) (ل ٤٠-٤١) یشدا یەکسەر شاعیر لاوازیی خۆی بەگەڵایەك دەچوێنێ و دەیدوێنێ...لێرەدا وێنەی درك دێتە پێشەوە کە میتافۆرە بۆ حاڵەتێکی مەعنەوی: ئازاری دووری – گەڵا خۆی لە درك ڕادەپسکێنێ و دەیەوێ ئازادببێ... دەشێ ئەمە هێمایەك بێ بۆ مرۆڤێك کە بیەوێ لە دەس ئازار ڕابکا..بەڵام ((خار شەرم ناکا لەڕەنگی زەردو باری خراپی))... ئەمە وێنەیەکە، کە کەرەسەی (واتا) کە بەخارو گەڵا دەربڕراوە، ئەینا دەربڕینی ئازارو ئەندێشەی مرۆڤە..هەرچەندە گەڵای زەرد- پاڵەوانی لیریکی (شاعیر) هەمان دوو لەنگەرن، لەوەیە بەڕرواڵەت لە دووبارەبوونەوە بچێ، بەڵام لەڕاستیدا شاعیر شێوازێکی جیاوازو تازەی داوەتێ، دەڵێ:

ئارۆ وێنەی وێم، دیم خەزانێ زار
بەندبی بە زامەت، جەورو جەفای خار
خار شەرمش نەکەرد جە ڕەنگی زەردش
تا بە جەفاو جەور سەدپارە کەردش (بێسارانی، ل ٤٠)

لەغەزەلی: ((بەدامانت بۆ...)) (ل ٦٤) یشدا، دیسانەوە هەرباسی خەزان و شاعیرە، بەڵام ئەمجارە سیمبۆلێکی تر- ئەستێرەی سیوەیل- ی بەکارهێناوە، کە هەڵهاتنی نیشانەیە بۆ هاتنی وەرزی پایزو گەڵاڕێزان...لێرەدا تابلۆی نەرێتیی خەزان بووە بەجوانی و ئەرێتیی...میتافۆرە. بۆ؟ شاعیر دەورێکی دی، جیا لە ئەرکە سرووشتییەکەی داوەتێ، دەیەوێ پێش ئەوەی سوەیل گەڵا زەرد بکات، (سەوڵی خەرامان) کە میتافۆرە بۆ یار، بڕەژێ و جوان بکات. کەواتە لێرەدا دابڕان و کەلێنێك بۆتە شێوازە باوەکەی ئەو چەند غەزەلەی پێشوو، کە گەڵا وەرین، ڕوویەکی تری دووریی یارو ئازاری دڵدارن. خەزان لێرەدا سەردەکا بە فیدا، تا باڵای لەیل بنەخشێنێ. خەزان کە جاران بە پلەی یەك دەهات و جووڵێنەری حاڵەتەکە بوو، پەنای شاعیرو هۆی دەربڕینی بوو، ئێستا کەوتۆتە دواوە، بەپێچەوانەوە شاعیر داوا لە (سوەیل) دەکا پشتگوێی بخاو جارێ (سەوڵی خەرامان) بڕەژێ و بنەخشێنێ. لەدوا بەیتیشدا لەباتی (تەریبی و جووتی) غەزەلەکانی پێشوو، (دژە) یەك درووست دەکاو دەڵێ:

خەزان زەرد ببێ دەورێ X یار ناوەرێ و نابێزرێ

بێجگە لە دژە چەمکی- وەرین، مردن x نەمری، دەشێ بەدژە دوانەی سۆفییانەش لێکبدرێتەوە.

شاعیر دەڵێ:

بەدامانت بۆ...
سا سوەیل دەستم  بە دامانت بۆ
سا سوەیل سەرم  نە ڕات طوفەیل بۆ
ئانە مرەژی، با باڵای لەیل بۆ
خەزان زەرد مەبۆ، زوو مەڕێزییۆ
لەیل  نمە ڕێزۆ،  نمە بێزییۆ                (بێسارانی، ل ٦٤)

هەروەها لەغەزەلی: ((پایز ئاماوە...)) (ل ٧١-٧٢) دا، دیسانەوە تابلۆی پایز، چەند وێنەو کۆدێکی وەکو ئەوانەی غەزەلی (ل ٦٤)، هەن. بۆنموونە قافڵەی سوەیل، کە یەك لەدوای یەك وێنەکان گەشە دەسەنن و باری دەروونیی شاعیرمان بۆ دەردەخەن، بۆنموونە ئەم دژە ڕەنگە هەیە:

سوەیل ضیا     X     سیوەنگ چەمەن
رووناکی        X     تاریکی

(خەزان) یش هەیە، ڕەنگی زەردەو نیشانەی لێکدابڕان و جیابوونەوەیە.

ڕەنگی گەڵای زەرد     =     ڕەنگی شاعیر
ئەنجامی خەزان  =     دووریی لە یار

بەڵام دەڵێ:

وەشڵە بە خەزان پەی وێش مەبۆ زەرد
ئەو  جە وادەی وێش، من  جە تاوی دەرد     (بێسارانی، ل ٧٢)

کەواتە گونجانەکە ڕووالەتییە ئەینا لەواتادا دژییەك هەیە.

شاعیر پێی وایە (خەزان) لەکاتی خۆیدا وەك دیاردەیەکی سرووشتی زەرد دەبێ، بەڵام ئەم بێ وادەو لەتاو دووری وای لێهاتووە... دژەیەکی تریش هەیە لە بونیادی تێکستەکەدا:

وادە     X     بێ وادە.

هەروەها دێڕێکی تریش هەیە..

تەبەق تەبەق هەور سیای دوودی تەم
نەم دا سەرزەمین بە سێڵاتی خەم

دیسانەوە ئەمەش هەندێ هێمای تری، هەست و نەستی دوورکەوتنەوەو دابڕانە.

هەوری سیا  ⟵  دوودی تەم  ⟵  سێڵاتی خەم

دەبن بە سیمبۆلی ئەم حاڵەتەو لادیمەنێکی تەواوکەری سەرجەم تابلۆکە.

بەم شێوەیە کلۆمی غەزەلەکە دەکرێ:

قافڵەی سوەیل  ⟵  سێوەنگ تەمامی چەمەن  ⟵  پەل پەل مەڕێزۆ مەگنۆ نە ڕووی سەنگ

ڕووناکیی ئەستێرەی سیوەیل ⟵ ڕەنگی ڕەش دوای زەردبوون

هاتنی خەزان ⟵ گەڵاڕێزان ⟵ بێ دەواو بێ دەنگ

غەزەلێکی تری ئەم بەشە، کە سەرنج و ڕوانینی شاعیر لە شت و دیاردەکان و دەوروبەر نیشان دەدەن: ((چراخ وه رەزان...)) (ل ١٥١-١٥٢) ە.

شاعیر لەناو ڕەزە دیمەکاندا وەستاوە، گەڵایەکی وەریو دەدوێنێ و گەڵاکە دەبێتە هاوخەم و زمانحاڵی شاعیر... ئەمە مرۆڤاندنی سرووشتەو هێنانە زمانییەتی، کە ناڕاستەوخۆیی و ناسکبێژییەك دەداتە غەزەلەکەو بەپێزی دەکات. بەراوردێك هەیە دیسانەوە لەنێوان خەزان-شاعیردا. شاعیر دەڵێ:

به زووان حاڵ پەرسام جه خەزان

تەن بییەن مەجرووح چون ماران گەزان

واتم هەی خەزان ڕەزیدی چەمەن

ئوستادی نەققاش (بلرمی) یەمەن (بێسارانی، ل ١٥١)

لێرەدا خەزان- ئوستادی نەققاش- میتافۆرە. سیفەتێکی مرۆڤ دراوە بە سرووشت (خەزان).

پایز- سەرتاپا هونین دڵ نگارەنی- دیسانەوە سرووشت مرۆڤێندراوە. نەك بەپێچەوانەوە بێت. ئەمەش جۆرە هونەرنواندێکە، چونکە وا باوە کە خەمی مرۆڤ و ئەندێشەی بە سرووشت دەچوێنرێ.

هەروەها دژەوێنەی (هەستی و مانایی) هەیە:

خەرامان ویەرد وەسەد نازەوە ⟵ مانایی

به دیدەی سیوەنگ سوورمەسازەوە ⟵ هەستی

هەرلەم غەزەلەدا هەندێ هۆی هونەری دۆزراونەتەوە بۆ دیاردە سرووشتییەکان و لەمانا ئاساییەکەوە گوێزراونەتەوە بۆ مەودایەکی واتایی هونەری:

سوورایی خەزان- هی پایز نییە، هی دووریی لەیلە

هەروەها شیعرەکە بەوێنەیەکی جوان- ((داخ وه گڵ بەردیم)) کە درکەیەو هێمایە بۆ مردن، کڵۆم دەکرێ.

غەزەلی: ((خەزانێ بە چاخ...)) (ل ٢٣٨-٢٣٩).

تەوەرە سیمانتیکییە بنەڕەتییەکە: شاعیر- یارە، خەزانیش وەك هاوخەمی شاعیر دێتە ناوەوەو تەریبی لەگەڵ شاعیردا دەڕواو هاوخەمییەتی. بەڵام هۆی باری دەروونیی شاعیر هەر دوورییە لەیارەوەو دابڕان وایکردووە، شاعیر- پاڵەوانی لیریکی تووشی نیگەرانی و پەشێوی ببێ. بێسارانی دەڵێ:

خەزانێ بە چاخ

ئارۆ دیم بە چەم خەزانی بە چاخ
پەرسام ئەی خەزان ڕەنگ بەقەم وێنە
زەردیی داخ و دەرد جەفای من وێنە
سا بواچە پێم تۆ نە چ کاری؟
بەی تەور ڕەنگ ساف بێ دەردان داری؟
واتش هەی لێوەی دڵ بەخەم پارە
من هوون جەرگم کەفتەن نە چارە (بێسارانی، ل ٢٣٨)

ئەم شیعرە لەسەر تەوەرەیەکی تەقلیدیی شیعری ڕۆژهەڵات بونیاد نراوە. هەمیشە شاعیر ڕەقیبێکی هەیە، یان چەرخی چەپگەرد، ڕۆژگار کۆسپی ڕێگای بەگەیشتنی دڵدارو شاعیرن.. جاری واش هەیە، نەك ڕەقیب بەڵکو دڵداریش هەر لە فەنتازیاو خەیاڵی شاعیردایەو ئەینا لە واقیعدا پەیوەندییەکی وا نییە... ئەمەش زەینمان بۆلای ئەوە دەبات کە کاریگەریی خوێندنەوەو لاسایی دەقەکانی پێشووترین. واتە وێنەو بیری ناو کتێبەو ئاوازەی دەقی شاعیرانی ترەو تەقلیدی ئەوانە، نەك لەئەنجامی ئەزموونێکی ڕاستەقینەوە هەڵقوڵابێ.
لەهەمان کاتیشدا لێکدانەوەیەکی تریش هەڵدەگرێ. ڕاستە هەمان وشەو زاراوەو کەش و هەوا هەن، بەڵام شاعیر هەوڵی داوە مۆدێلێکی تریان لێ درووست بکات. ئەمجارەیان شاعیر (خەزان) لە دیالۆگێکدا دەورووژێنێ، دەیەوێ ئێرەیی بە ڕەنگی گەشی ببات. ئەمیش بەتووڕەییەوە دەڵێ: ((من هوونی جەرگم کەفتەن نە چارە...)) تۆ چۆن بەبێ خەمم دەزانی؟ لەلایەکەوە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، شاعیر- خەزان هاودەردن و لە یارەکانیان جیان...لەسەرێکی ترەوە شاعیر ئێرەیی بە خەزان دەبات، لەلایەك دەیکات بە سکالا دەربڕی خۆی و خەمەکانی و، لەلایەکی ترەوە تووڕەی دەکات و دەیورووژێنێ.. بۆئەوەی خەزانیش بخاتە حاڵەتەکەی خۆیەوە..ئەگەر بەم لایەنەدا لێکی بدەینەوە، دیسانەوە بە بڕشتی و ڕێژەنی هونەریی شیعری شاعیر دەردەخات.
هەروەها غەزەلی: ((نەوسوەیل باخان...)) (ل ٤٣٨-٤٣٩)، ئەزموونی سات و بزواندنی هەستی شاعیرە، بینینی دیمەنەکانی سرووشتەو نیشاندانی جوانییەکانیەتی. شاعیر بە چاوێك بۆ ئەم دیاردانە دەڕوانێ وەکو ئەوەی یەکەم جارە بیانبینێ، کە ئەمەش ئاستێکە تەنیا هونەرمەندی باڵادەست و زاڵ دەیگاتێ و لەدەربڕینی شیعریی خۆیدا بۆ خەملاندنی دەقەکانی بەکاریان دەهێنێ، دەڵێ:

نەوسوەیل باخان
دیسان مایەی ڕەنگ ئاوەرد نە باخان
فروزان جە وەڵگ داران چراخان
سۆچییان پێشان پەروانەی داخان
وەڵگ وەنداران وەختی ئافتاو خێز
کەردەن وێنەی لاڵ نگینی پەروێز

جە عەکس خەزان، جامی گوڵاوان

چمان قورصی زەڕ– تەڵا پەی تاوان (بێسارانی، ل ٤٣٩)

لێرەدا مۆسیقا– ئاوازو نیگارکێشی ئامێتە کراون.. شیعری ورووژانی دەروونیی ساتێکی کورتە. هەروەها چەمکە تێکستوالییەکان– تەریبی و دژەیەکی، بونیادی غەزەلەکە پێکدێنن. گۆڕانی تێدایە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر.

ئەستێرەی گەلاوێژ هەڵدێ– وەرزی پایز دێ [وێنەکە ناڕاستەوخۆیەو هونەرییە]. لێرەدا باسی ڕەنگی گەڵاکان دەکا، کە تیشکی سوەیل لێیان دەدا، پێ دەچێ شاعیر مەبەستی لێی تاریك و ڕوونی بەیان بێ، چونکە درەوشانەوەی ئەستێرەو هەڵگیرسانی گەڵاکان و ئیرەیی پەروانە بەم چراخانە دەردەخا..هەر دوای ئەم دێڕەش باسی هەتاوکەوتن دەکا لەوێنەی پەپوولەو ڕووناکییەکەدا، کە بنەماکەی وێنەیەکی تەقلیدییە، بەڵام زۆر جوان شاعیر لەڕووی بونیادی وێنەکەوە نەخشاندوویەتی..، هەروەها واتای بەبەهاو بەرزی خۆشەویستیش دێنێتە پێش چاوی خوێنەر.. وێنەیەکی تری نائاسایی و نامۆی تێدایە، کە ئەمەیە:

وەڵگ وەنداران ، وەختی ئافتاو خێز

کەردەن وێنەی لاڵ نگینی پەروێز (بێسارانی، ل ٤٣٩)

گەڵا کە تیشکی هەتاو لێی دەدا وەك لەعل– لاڵ سووردەبێ. چوواندوویەتی بە ئەموستیلەی (پەروێز، خەسرەو دووەم پاشای ساسانی)، لقەکەش پەنجەیەتی.

یەکێك لەو وێنانەی کە چەندجارێك لەسەر بنەمای (نەوسوەیل) درووست دەکرێن، دووبارە دەبنەوە، هەڵهاتنی سوەیل ئاماژەی هاتنی پایزە، کە زەردبوون و وەرینی گەڵای دارانە. ئەم وێنانە لەسەر بنەمای دوو پلانی دانراون، هەرچەندە دیمەنەکانی پایز بەرجەستە دەبن و بونیادی دەرەوەی غەزەلەکە دەنەخشێنن، بەڵام شاعیر هەروەك کەرەسەو ئامێرێك بەکاریان دەهێنێت و مەبەستی جەوهەریی ئەو، دەربڕینی ئەو خەم و ئەندێشەیەیە کە هەیەتی، بۆنموونە: تاریك و ڕوونی پایزو تیشکی سوەیل و دواتریش هی هەتاو...گەڵای دار کە شەونمی لەسەرکەوتووە، وەك ئەوەی داگیرسابن، ئەمانە پەروانە تووشی ئیرەیی و سووتان دەکەن و وێنەکان زۆر نیگارکێشانەن. زۆریان پلاستیکین و بەرجەستە دەبن، خەزان بۆ دڵدار هەمیشە بیرخەرەوەیە، جەلابەخشەو لەحاڵەتی دووریی لەیاردا، مایەی "پاماڵی کۆی گەنج و شادییە". شاعیر لەم غەزەلە پایزانەدا توانایەکی هونەریی لە ڕادەبەدەری نواندووەو توانیویەتی لەدەرگای هەندێ هونەری وا بدات، کە ڕەنگنی و نەخشاندنی شیعرییان خولقاندووە.

٣– مۆدێلاندنی کەرەسەو کۆدەکان

هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە ناوەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەوڵەمەند بکرێن، بە هێنانە ئارای (واتا) ی جیاجیا، دەق خەملێنراوەو بەپێزکراوە و سێبەرو ڕەنگی هەمەچەشنی پێ بەخشراوە. یەکێك لەو شێوازانەی کە بە بایەخ بووەو پەیڕەوکراوەو بەداهێنان ژمێردراوە، ئەوەبووە کە مامەڵە لەگەڵ

هـەمان شت وشـەو دەربـڕین بکرێـت و واتـای تـازەی لـێ بخـوڵقێنرێ، وەك زانـای ناسـراوی ڕووس ئا.ن.بوڵـدریڤ دەڵـێ: ((ئەمـە ساچـاندنی شـیعرییە دەربـارەی هـەمان شـت، کـە لەشـیعردا تویـژاڵ تویژاڵ لەسەر بابەتە بنەڕەتییەکە دەوەستێ. لەبەر هەندێ هۆ ڕەنگە دابڕێ یان پشتگوێ بخرێ [بۆ ساتێك] و بکەوێتە دواوە، کەچی سەرلەنوێ هەڵدەداتەوەو زنجیرەیەکی تر وێنـەی تـازە دێنێتـە ناو)). (١١، ل ١١١-١٣٨).

بێسارانیش لەو شیعرانەیدا کە بۆ پایزی وتوون، هەمان شێوازی گرتۆتە بەرو لەشت و کەرەسەکان مۆدیلی جیاجیای هونـەریی هێناوەتـە نـاوو دەسـت ڕەنگینـی خـۆی سـەلماندووەو، بۆنموونـە: لـە غـەزەل: ((بـەی گشـت دەردەوە...)) (ل ٦٧-٦٨) دا بـۆ دەربـڕینی بـاری دەروونـی، کـۆدی (خـەزان) هەرهـەیـە، بـەڵام دوو شـتی تـری لەسرووشـت و ژیـان وەرگرتـووەو دەیانکـات بـە دوو سـیمبۆل، بۆئەوەی لەدوای مەرگی، ئێمە ئاگاداری چۆنیەتیی ژین بەسەربردنی ئەو بین، واتـە دەیـەوێ لـەڕێی ئـەم دوو سـیمبۆلەوە، کـە یـەکێکیان گـەڵای زەردەو نیشـانەی ڕەنگییـەتی، کـەمانیش هـی بـاڵای چەماوەیەتی. ئەمانە بەرجەستەکردنی ڕووالەتی دەرەوەی پاڵەوان یان شاعیرەکەن. ڕەنگی زەرد هی مرۆڤـی خـەمبارە، لـە فۆلکلـۆرو ئـەدەبی کلاسیکیشـدا ڕەنگـی زەردی ڕووی دڵـدار، دابـڕان و دوورکەوتنـەوەی لـەیار گەیانـدووە. هـەروەها (کـەمان) یـش ئارکیتیپێکـە لـە (بێئاگـایی کۆمـەڵ) دا مانـای پیربـوون و بەساڵاچـوونی گەیانـدووەو هـەر بـاڵاش لەگـەڵ بەساڵاچـووندا دەچـەمێتەوە، بێسارانی دەڵێ:

بە وەڵگی خەزان بپۆشان سەنگم
تا نیشانە بۆ جە زەردیی ڕەنگم
کۆنە کەمانان باوەران وە بەر
هەریۆ خەمتەرەن بنانیم وەسەر (بێسارانی، ل ٦٧)

کەواتە شاعیر بەهۆی ئەم دوو شتەوە وێنەی بەرچاوی بۆ نەخشاندووین، ڕەنگی زەرد چەند هێما دەگرێتەخۆ، هەروەها کەمان..ئەمەش بە وشە نیگارکێشانە، کە وێنەی پلاستیکیی بەرجەستەی بۆ نەخشاندنی دەق و دەوڵەمەندکردنی لێ خولقێنراوە.

لەغەزەل (تەرزی خەزان دیم جە فەسڵی هـامن...) (ل ٩٢-٩٣) دا. جـۆرە لادانێك هەیـە، لـە مۆتیڤـە باوەکە، چونکە خەزان لە هاوینـدا پەیـدا دەبێ. کـە ناوادەیـە، شـاعیر بـەزمانی تـەرزی گەڵایەکـەوە دەڵێ:

هەر خەزان ڕەشتەی فەسڵ سوەیلەن
ئەو بۆ نیازیش ئەندەکێ مەیلەن
بۆ بدیە وە بەرگ بێخ باڵامان
من دڵ سفتەنان، ئادیشان ئامان (بێسارانی، ل ٩٢)

لێرەشـدا دیسـانەوە (فەسـڵی سـوەیل) وەك دوو غـەزەل پێشـوو (بێسـارانی، ل ٦٤، ل ٤٣٩)

دووبارەبۆتەوە. بەڵام سەرجەمی غەزەلەکە لەهەندێ ڕووی ترەوە جیاوازە. تەرزی گەڵا پێی وایە، عاشقانی تەواو دڵگەرم فریای پایز ناکەون و پێشتر دەوەرن، مەگەر گەڵایەك كەم مەیل بێ...ئەینا ئەوەتە ئەو سەرتا بەدامان سووتاوەو شاعیریش دڵی. لەم وێنە نائاساییە، شاعیر هاوکێشێکی لەنێوان خۆی و سرووشتدا درووستکردووەو دەگاتە ئەو ئەنجامەش ئەوەی عەشقی لە دڵ بێ، کاتی بۆ نییەو هەمیشە زایف و زەردە. بەراوردێك و چوواندنێکی نائاسایی هەیە: دڵی شاعیر = قەدو باڵای گەڵاوەریوی نەمام.

لەغەزەلەکانی (ل ٦٤، ٧١-٧٢) دا ((سەوەیل)) بزوێنەربوو. لێرەدا هاتۆتەوەو دەورەکەی خۆی دەبینێ و ئاسایی لە وەرزی خەزان و گەڵاڕێزاندا ئامادەیە. سەیر لەوەدایە، عەشق لەم شیعرەدا ئەو گۆڕان و بەراوردەی جارانی تێدا نییە. لەحاڵەتەکانی تردا جاری واهەبوو (خەزان) شادبوو، جاری تر ئەم لە شاعیر گوزەرانی باشتربوو، یان بە شێوازی تر، بەڵام لەم غەزەلەدا جۆرە قەتیس بوون و وەستاوییەك- حاڵەتێك هەیە، ئەویش ئەوەیە- ئەوەی عەشقی لەدڵ بێ، هەمیشە ڕەنگی زەردە.

لەم غەزەلەدا لادان هەیە، هاتنی خەزان لەهاویندا، لادانە لە یاساکانی سرووشت. کەواتە شاعیر باری دەروونی خۆی خستووە بەسەر سرووشتداو خستوویەتەکار بۆ دەربڕینی مانایەکی تر، کە ناکۆکییەك لەگەڵ واقیع و سرووشتدا درووستدەکا، ئەمەش بەڵگەو ئاماژەیەکە بۆئەوەی غەزەلەکە بونیادێکە بۆ دەربڕینی واتایەك و کەرەسەکانی سرووشت تەنیا هۆیەکن، شاعیر بەمەبەستی خۆی دایاندەڕێژێتەوە، ئەمەش گەڕانە لە جۆراوجۆری و ڕەنگینی ماناو داهێنانی شێوازی دانسقەی هونەری.

هەروەها لەغەزەلی ((چراغم مەیل کە...)) (ل ٢١٥) دا. شاعیر بابەتێکی تری هێناوەتە ناو، ڕووی لە یارەو بانگی دەکا بۆ سەیری چەمەن..تا دامانی هەردان پڕکا لە بەرامەو بۆ..خەزانیش لەڕەنگی ئەم، شوعلەو ڕەنگ وەرگرێ. لێرەدا چواندن، یان میتافۆرێکی شاراوە هەیە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یار دەکا بە ئەستێرەی سیوەیل و تەنانەت چاوەڕێی تیشکییەتی. دەڵێ:

سیوەیل پەی شادەن، خەزان ڕەنگ و بۆ
بگیران جە شەوق شوڵەی ڕەنگ تۆ (بێسارانی، ل ٢١٥)

لێرەدا بەرانبەرییەکی ئاوا هەیە:

ئەستێرەی سیوەیل (ڕەنگی سوور) ← ڕەنگ و ڕوو بەخەزان دەدا (ڕەنگی زەرد)
↓ ↓
یار ← شاعیر (دڵدار)

ئەوەی لەم غەزەلانەدا دەردەکەوێ ((ئەستێرەی سیوەیل)) یش، یەکێکە لەو تەوەرە بنەڕەتییانەی کە بونیادەکە پێکدێنێ و مۆدیلی جیاجیای لێ هێنراوەتە دی. سرووشت چاوەڕوانی بەخشندەیی

مرۆڤە.


غـەزەلێکی تـری ئـەم چـەردەیە ((زامـداری دەردان...)) ی (ل ٣٠٤-٣٠٥) ە. گـوزەرانی شـاعیر لـە (خەزان) یش خراپتری لێ بەسەرهاتووە. جاران –زۆربەی کات– شاعیرو (خەزان) هاودەردبوون. لەمەشیاندا ئیرەیی بە (خەزان) دەبا، چونکە ئەم لە شاعیر باشترە، کە ((بەتەر جە خەزان))ە..دەڵێ:

خەزانان دێز رەنگ، ئاڵای گوڵ نە گڵ

ئیشناشان زامی ناسۆر کەفتەی دڵ

وەنـەبێ ((خـەزان)) یـش بـاری بـاش بـێ، خـەزان دێـز بـووە، بـاڵای گـوڵ وەریـوە، بـەڵام ئـەم حـاڵی خراپترە، گەیشتۆتە شوێنێك مـەرگ بـەئاوات دەخـوازێ: غـەزەلێکی چـڕو پـڕ وێنەیـە، بەراوردێکـە لەنێوان شاعیر (پاڵەوانی لیریکی) لەخەم و ئەندێشەدا وەك گەڵای پایز بەدەم باوە.

کە دەتوانین بەم شێوەیە هاوکێشەکە ڕوون بکەینەوە:




ناکۆکی لەڕووی دەرەوەی دێڕی یەکەم و دووەمدا هەیە: ((من گۆشەنشین، زامداری دەردان)) لـەهی دووەمدا دەڵێ: ((مەگێڵوم چون چەرخ وێڵ و سەرگەردان)). تا دوا دێڕ: ((ئێسە وێڵی من وە جایێ یـاوان)) گۆشەنشین– وەستان و خۆخزانە کونجی تێدایە، (چـەرخ– گـەڕۆك) وێـڵ و سـەرگەردانە، جووڵانی تێدایەو بە هەر چوارلادا بێ ئاراستەیەکی دیاریکراو، کەواتە شاعیر دوانەیەکی دژ بەیەکی کۆکردۆتەوە، کە لـەڕووی لۆجیکییەوە نەگونجاوە. بەڵام دوای ئەوەی وێنـەکانی گەشـە دەکـەن و دەکرێنەوە، شاعیر وەك ڕوواڵەتی دەرەوە هـەر گۆشەنشینە، بـەڵام لـەڕووی نـاوەوەو ناخـەوە گیـانی ئاوارەو وێڵ بووە..ئەمەش نائاساییەتییەکی سەیر دەداتە شیعرەکە. هونەرمەندی سەرکەوتوو شتە ساکارو ئاساییەکانمان بۆ ((نامۆ)) دەکا، بۆئەوەی تویژاڵێکی جوانی پێ ببەخشـێ. ئەمـەش تێـزی بنـەڕەتیی تیۆریـای زانـای ئـەدەبناس م.ڕیفاتیرەمـان وەبیر دێنێتـەوە کـە دەڵـێ: ((شـتێك دەڵـێ و مەبەستی لە شتێکی ترە)). (٩، ل ١٣٩).

واتە شاعیر لەوەدا مانا مسۆگەر دەکات کە شتەکان بەشێوەی نائاسایی و جیاواز بڵێ. هـەروەها ((ئـاڵای گـوڵ نـە گـڵ)) یـش مانـای ئـەوە هەڵـدەگرێ، کـە یـاری شـاعیر یـان مردبـێ یـان لێـی دوورکەوتبێتەوە، ڕەنگە مەبەست گوڵی ئاسایی نەبێ. بۆ ئەم مانایەمان دێت بەبیردا؟ وشەی (باڵا) بۆ گوڵ زیاتر زەینمان بەرەو لای مرۆڤ دەباو دەمانخاتە ڕامانێکی ئاوەهاوە. لەم دێڕەشدا دەڵێ:

ئێسە وێڵی من وە جایێ یاوان

ئەجەل پەی کوشتەم نەدارۆ تاوان          (بێسارانی، ل ٣٠٥)

خـۆی (وێڵـی) ئەبسـتراکتە بـەڵام ئـەم خواسـتنێکی هەسـت پێکـراوی لـێ درووسـتکردووە، کـە

حاڵەتەکەی تێدا چڕکردۆتەوە، تا ئاوات بەمەرگ خواستن. ئەم وێنە جۆراوجۆرو بە مۆدێلکراوانە (ماسك- هاوکێشـێکی بابـەتی) ن، کـە بـە هـەموویان تابلۆکـەیان پێکهێنـاوە، زیـاد لەواتایـەکیش هەڵدەگرن، بـەڵام شـاعیر هەنـدێ ئامـاژەی ناڕاسـتەوخۆی داوینـەتێ کـە زەینمـان بـەرەو لای مـەودا هونەرییەکە، نەك ریالییەکە دەبات.

یەکێك لەو غەزەلانەی تر کە دەچنە ژێر هەمان ناونیشان و دەچنە پاڵ ئەوانەی مۆدێلی جیاجیایان لێ درووستکراوە: ((سەیری نەمامان...)) (ل ٣٣٨-٣٣٩) ە. کە وێنـەکانی بەشێوەیەك تێکـدەڕژێن کە هاوئاهەنگییەکی ڕەنگ و ئاواز پێکدێنن. غەزەلەکە ئەوە هەڵدەگرێ، کـە تـابلۆی "خـوازە"بێ، چونکە دوومانا هەڵدەگرێ و بۆ هەریەکەشیان هەموو ڕەگەزەکانی بیرۆکەکە هەن. هەرچـەندە بـەلای زۆرەوە واتـای دووەم مەبەستە. شـاعیر باسـی بـاڵای ڕووت و گـەڵای وەریـوی دارەکـان دەکـاو چـۆن بایەکی ساردی تووڕە- بای مەرگ وەراندوونیەتە خاك و ئەو جوانی و تـەڕو بڕییـەیان بـە ((فەسـڵی بـی دیمـان نـەدیمان)) ناودەبا..ئـەم نیـوە دێـڕە بەڵگـەیـەکمان دەداتـە دەس کـە شـاعیر لـەم وێنانـەی هێناونیەتە ناو، مەبەستی مرۆڤە، یارە...چۆن لە هەڕەتی لاویدا، جوانی و جـۆش و خرۆشـی لـێ دەتکێ و دوایی بەرەو پیری و مردن دەڕوا- تەمەن و خۆشیش تاسەر بۆکەس نامێنێ. ئـەم غەزەلـە لەڕووی بونیادەوە زۆر تۆکمەیەو شاعیر دەڵێ:

سەیری نەمامان...
ئارۆ شیم وە سەیر نەوتوڵ نەمامان
دیم بەدەن عوریان جە سەر تادامان
وەڵگی باڵا شان ڕێزان وە دامان
بێ زەوق و زویر وێنەی خەم کێشان
زەلیل و زەبوون زارو پەریشان
ناگا بادێ سەرد، ستەم غەزەبناك
وەڵگی باڵامان ریزنا نە خاك
ئێسە نەمەندەن شادی و وەشیمان
شادی فەسڵێ بی، دیمان، نەدیمان (بێسارانی، ل ٣٣٩)

هـەروەها لەدێڕێکیانـدا یـاری بـە دەنگـی (ش) کـە تـەکنیکێکی بـاوبووە دەکـا بـۆ ئـەوەی ئاوازەیـەك دروست بکات، بەمەش مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە شیرین دەکات و کاردەکاتـە سـەر بیسـتنمان، دوای تەواوبوون لە ساودانی وێنەکان، بەم دوا دێڕە کلۆمیان دەکا:

وەشی چە وەش بی، وەشی های وەشی
وەشی وەش وەش بی، وەش جە دەس بەرشی

دوا غـەزەلی ئـەم بەشـەی باسـەکەمان: ((نەوسـیوەیل بـێ دەرد...)) (ل ٤٤٠-٤٤١) ە. بێسـارانی

هەرجارەو بەشێوەیەك هەست و نەستی دەردەبڕێ. دەیەوێ واتای جۆراوجۆر لەهەمان كەرەسەو كۆدو ڕەگەز بخولقێنێ...جارێك (سیوەیل) هاودەردی شاعیرە. لەم حاڵەتەدا ئەم بێباكەو شاعیرو گەڵا هاوخەمن. هەندێ جار بەپێچەوانەوە..ئەمەش دەستەڵاتی شاعیرو توانای هونەریی دەخەنە ڕوو. شاعیر خۆی ناجوێتەوەو دووبارە ناكاتەوە..هەندێ وێنەی هەستپێكراوی ئاوامان بۆ دەنەخشێنێ، دەڵێ:

بێ دەرد، بەوێنەی تۆفی هەوای سەرد

تاراجی دووكان چەمە نانش كەرد (بێسارانی، ل ٤٤٠)

ئەمە لە شیعرێكی مەولەویدا ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە لەباسێكی تردا كە تەرخانە بۆ كاریگەری شیعری بێسارانی لەسەر مەولەوی و شاعیرانی تر، بە درێژی لەم ڕووەوە دەدوێن، بەڵام یەكسەر لەیادمانـدا وێنەكە بلاچە دەدات، هەرچەندە مەولەوی وێنە نەریتییەكەی كردووە بە ئەرێتی. مەولەوی دەڵێ:

چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد

گۆشوارە نەگۆش نەمامان كەرد ! (دیوانی مەولەوی، ل ٢٧٨)

دوایی بەهەندێ وێنە، دیمەنی گەڵاوەرینی پایز ڕیزدەكاتەوە، پێی وایە كە هەوای نەوپایز لەنەزانیدا ئەم بەزمەی ناوەتەوە، دواییش شیعرەكەی بەوێنەیەكی ناوازەو نائاسایی كڵۆم دەكا:

ئێسە ئێمەو دەرد، جەفای ڕۆزگار

دەست نەگەردەنیم، تا فەسڵی وەهار (بێسارانی، ل ٤٤١)

٤- لەسەر بنەمای یەك وێنە، داهێنانی چەند وێنەیی

لەم چەند شیعرەی دواییدا، ئەو غەزەلانە باس دەكەین و لێیان دەكۆڵینەوە، كە لەسەر بنەمای وێنەیەك، چەند وێنەی جۆراوجۆری تر درووست كراون. واتە هەمان سیمبۆل و كەرەسەو دەربڕین لە بۆتەیەكی جیادا دادەڕێژرێنەوەو وەك ئەوەیە وێنەكە بووبێتە هۆی پشكوتنی چەند خونچەیەكی ترو بە گوڵبوونی چەند وێنەیەك. بۆنموونە لە غەزەلی: ((ئارۆ خەزانی، زەرد بامم وینا...)) (ل ٣٦) دا. شاعیر وەك ئەوەی چاودێرێك بێ وایە، بەس لەدوا نیوەدێردا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆو هونەری بەهۆی (گەڵا) یەكەوە، بەشێوەی (خوازە) هەستی خۆی دەردەبڕێ.

لێرەشدا دیسان وێنەكانی دێنە بەرچاومان و پلاستیكین:

خەزانی زەرد – تافی لاڵ مینا

تافێكی وەك لەعل سوورو ڕوونەو وێنەكەشی لەناو تافەكەدا دەردەكەوێ. دیسانەوە بێ ئەوەی باسی لێكچوون بكات (خواستن) یێكی هێناوەتە ئارا: شەپۆلەكە- ئاوێنەیە. گەڵایەكی وەریو دەبێ بە دڕكی ناوچاوی شاعیر. هەمووی لە بەرگێكی هونەریدایە، لەنیوە دێڕی دواییشدا شاعیر ئاماژەیەك دەدا بە خوێنەر، زۆر كارامانە بەشێوەیەكی شاراوە، حاڵەتی خۆی و گەڵاكە بەراورد

دەکات..لە شوێنی تردا، لەنێوان خۆی و گەڵادا، گفتوگۆ هەیە. ئەمەش مۆدیلێکی تری ئاوازەی شاعیرە، کە نایەوێ وێنەکانی دووبارەبووەو سواو بن و لەدیاردەو شتەکان واتای جیاجیا دەداتە دەقەکەی. لەم شیعرەدا دەڵێ:

ئارۆ خەزانی زەرد بامم وینا
کەفتەبی نە گۆل، تافی لاڵ مینا
عەکش دیاربی، نە گۆڵی ئەو تاف
چمان من مدیام نە رووی جامی ساف
شیام هۆرم گرت، دییام پێشدا
چمان چەمم دان وە سەری نێشدا (بێسارانی، ل ٣٦)

لە غەزەلی (( پەل پەل خەزانان مە ڕێزان وە خاك...)) (ل ٧٩-٨٠) دا، شاعیرو خەزان هەر وەك یەکن. گەڵاڕێزانەو شاعیر لە ئازاری دەروونیدا دەژی. هەرچەندە ئەم وشە- کۆدانە یەکن، بەڵام شاعیر توانیویەتی وێنەی جیاجیایان لێ بنەخشێنێ. ئەمەش دەبێتە هۆی چەند واتایی دەقەکەو بەپێزی دەکات:

سرووشت ⟵ مرۆڤ ⟵ مرۆڤ
گەڵا دەوەرێ ⟵ دڵ بریندار دەبێ ⟵ دڵ دڵۆپ دڵۆپ خوێنی لێ دەڕژێ و دەڕژێتە چاوی ⟵
سرووشت سرووشت مرۆڤ
گەڵای زەرد سوور دەکا ⟵ لەگەڵ هەر گەڵایەکدا ⟵ دڵ خەمبار دەبێ و دەیەوێ لە سینەوە بفڕێ..

دیسانەوە پەنا دەبەینەوە بەر ڕایەکی تری م.ڕیفاتیرە، کە زیاتر جوانیی نموونەی شیعری ڕوون دەکاتەوە، ئێمەش بۆ نیشاندانی ڕەنگنی ئەم شیعرەی بێسارانی دەیهێنێتەوە: ((یەکێك لە ئەرکەکانی دەقی شیعری ئەوەیە، کە وا بکات خوێنەر شوێن ڕەوتی جوغزێنراوی وشەکان بکەوێ، خودی تۆژینەوەی ئەم ڕەوتەش مانایەك دەدا بە شیعرەکە)) (٩، ل ١٣٩).

دیارە خوێندنەوەی دەق لای م.ڕیفاتیرە جۆرێکە لە یاری..ئێمەش کە شوێن ڕەوتی وشەکانی بێسارانی دەکەوین، دەبینین. دوایی ئەم پرۆسەی داهێنانەی کامڵبوونە: ((گەڵا ڕژاوەتە سەرخاك و شاعیر خڵتانی خوێنە)) بەشێوەی تەریبی و بەراورد هەموو وێنەکان ڕەوتی خۆیان وەردەگرن و دوایی یەکدەگرنەوە. شاعیر ئەم کەرەسانەی کردووە بەوێنەی بەرجەستەو ڕەنگن و هاوکێشێکی بۆ باری دەروونیی خۆی دۆزیوەتەوە، دەڵێ:

هەر خەزان وەڵگی زار مەڕێزییۆ
دڵ دەرۆش بە دین ئەو مەخیزییۆ(بێسارانی، ل ٨٠)

ئەم دێرە لە شیعری (پایز) ی گۆراندا ئاوازەی داوەتەوە، گۆران دەڵێ:

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین

ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین (دیوانی گۆران، ل ١٦٤)

دێڕێکی تری ئەم غەزەلە کاریگەریی لای مەولەوی هەیە، بێسارانی، دەڵێ:

وە پەرواز مەڕۆ، مەر سینەم بۆ چاك
نەبا چون خەزان، خەڵتان بۆنە خاك (بێسارانی، ل ٨٠)

مەولەوی دەڵێ:

ناڵاو گرەواو خولیاوەو خول وەرد
جەو بوولێ دەردا وێش سامان سا کەرد
ئیسە بوولێ دەرد کەرۆ وە سەردا
دەك سلامەت بی چیت ئی خەبەردا (دیوانی مەولەوی، ل ١٠٠)

ڕاستییەکەی ئەمە هەر ئاماژەیەکە، ئەینا وەك پێشتر وتم باسێکم دەربارەی دەقئاوێزانی بێسارانی و مەولەوی و شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی هەیە، لەوێدا بە درێژی لەم ڕووەوە دەدوێم.

لە غەزەلی: ((دوورنمای ڕەزان...)) (ل ٢٧٤) دا. شاعیر بە نیگارکێشانی دیمەنی لەدوورەوەی ڕەزەکان دەست پێ دەکات، گەڵای زەردی شەونم لەسەرکەوتوو، جۆرە شەبەنگێکی ڕەنگ درووست دەکات، کە وێنەی بەرجەستەو بەرچاون. ئەم وێنانەی سرووشت فۆتۆگرافی نین، بەڵکو تێکەڵ بە هەست و نەستی شاعیر بوون. سیستێمی وێنەکانی پێکهێناون...بەراوردێکی تێدایە لەنێوان ڕەنگی زەردی خەزان و دەردەداراندا، دەڵێ:

یانێ هەی خەزان ڕەنگین مەنمانۆ
ڕەنگش بەوێنەی دەردین مەرمانۆ

لەلایەکی ترەوە، دڵگرانە بەوەی کە خەزان بەو حاڵەوە دەبینێ..هەروەها ئەم غەزەلە وێنەیەکی نائاسایی تێدایە، دەڵێ:

قەترەی خوردە ڕێز دەوری ڕووی خەزان
پەردەی دڵ چون گاز ماران مە گەزان (بێسارانی، ل ٢٧٤)

نائاساییەتی وێنەکە لەوەدایە، کە دڵۆپی سەرگەڵای داران دەچوێنێ بە گازی مار. ڕەنگە مەبەست لەوەبێ دڵۆپەکە چوێنراوە بە قەترەی ژەهرەکە..دیارە لەو حاڵەتەدا لق و چڵەکانیش لەپشتی وێنەکەوە دەوری مارەکە دەبینن، یان چۆن؟ دیارە ئەمە نیشانەی بەپێزیی دەقەکانە..کە هەمیشە مۆدێلی جیاو واتای جیا لەخۆدەگرن، گرنگ ئەوەیە بە قەولی ڕۆلان بارت ئەو لۆجیکە بدۆزینەوە، کە بەگوێرەی ماناکە لەدایك دەبێت. (٢، ٣٢)

کە بەوردی لەم غەزەلە ورد دەبینەوەو چەندجار دەیخوێنینەوە، پەرە مووچی نیگارکێشێك بەدی

دەكەین. كە ڕەنگی سەوزو زەردی ڕەزە دوورەكانی بەوێنە نیشان داوین، كە پەیوەندیی نێوان كۆدو ئاماژەكانی بەشێوەیەكن، لەیادو زەینماندا دەكرێنەوەو لەبەرچاوماندا بەرجەستە دەبن.

لە غەزەلی: ((یاران پەی ڕووی من، بویندی ڕەزان)) (ل ٤٧٢) یشدا بیرۆكەی ئێرەیی بە خەزان بردن هەیە، كە پێشتریش هەبووە. هەروەها باسی دەردی دووری و ئەندێشەی شاعیر- پاڵەوانی لیریكیمان لە دووان لە غەزەلەكانی تردا كرد. بەڵام گرنگ ئەوەیە، لە شێوازێكی جیاوازدان و بایەخە هونەرییەكەش لەمەدایە.

ئەگەر هێڵكارییەك بكەین، دەبینین بەشێوەیەكی ستوونی و لەسەر بنەمای بەراوردو لێكچوون، ئەم غەزەلە بونیاد نراوە:

| | |
|---|---|
| گەڵای پایز | ڕووخساری شاعیر |
| ↓ | ↓ |
| بای خەزان | دووری لەیار |
| ↓ | ↓ |
| دەیوەرێنێ | ئازار دەچێژێ |
| گەڵا لەپای نەمامدایە | شاعیر دەچێتەوە ژێر خاك و دووریشە لەیار |

لەم بەشەشدا شاعیر لەسەر بنەمای وێنەیەك، چەند وێنەی تری لەغەزەلەكانیدا هێناوەتە ناو و، توانای هونەری و خامە ڕەنگینی خۆی دەرخستووە.

بێجگە لەم غەزەلە تەواوانە كە سەرجەم بۆ پایز تەرخانكراون، هەندێ دێری جیاجیا هەن، كە لەسەرەتا یان لەناو غەزەلەكاندا هەن و وێنەی پایزن. بۆنموونە لەسەرەتای غەزەلی (ل ١٢٥) دا، ئاوا دەست پێ دەكات:

چراغ ڕەزان بۆ
خاس ئیدەن گڵكۆم نە پای ڕەزان بۆ
نزیك وە پرشنگ پای قەڵوەزان بۆ
ئامێتەی خاكم رەنگی خەزان بۆ

ئەم جێگەیەی بۆ گۆڕەكەی خواستووە، هەمان وێنەی لە غەزەلی ( ل ١٧٨-١٧٩) شدا دووبارە دەبێتەوە:

گا خەریكی دەرد بەردی قەڵوەزان
گا زەرد وێنەی ڕەنگ خەزانی ڕەزان

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا، كە پایزو دیمەنەكانی نەك هەر بابەتی تایبەتیان بۆ تەرخانكراوە، بەڵكو ڕەگەزی بنەڕەتیی سیستێمی شیعری و بونیادی ئەم تۆقە غەزەلەن و لەهەندێ غەزەلی تریشدا وەك دێڕ یان چەند دێڕێك خۆیان تێهەڵكێش كردووە.

## سەرئەنجام

لەدوای تۆژینەوەی ئەم تۆقە غەزەلەی بێسارانی کە بۆ وەرزی پایزی وتون و بەسەرنجدانی شیعرەکانی تریشی ڕوانگەی ئەومان دەربارەی ژیان وهونەر تاڕادەیەك بۆ ڕوون دەبێتەوەو جێگەو پایەی ئەومان لەشیعری دیالێکتی گۆرانی بەتایبەتی و سەرجەم مێژووی شیعری کوردیدا چاکتر بۆ دەست نیشان دەکرێ.

شیعری بێسارانی لەچوارچێوەی ژانری لیریکدایە، تەنانەت ئەو توێژاڵە سۆفییەش کە لای شاعیرانی وەك مەولەوی هەیە، لای ئەم هەستی پێ ناکەین. ئەڵبەتە ئەمە نکوولی کردن نییە لەوەی کە جاروبار سیمبۆل و ئاماژەو دەربڕینی ئایینی لەشیعرەکانیدا هەن، بەڵام شێوازی زاڵی شیعری بێسارانی نین.

کاتێ لە بەرهەمی بێسارانی دەکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، لەخۆڕایی نییە، شاعیرێکی گەورەی وەك مەولەوی دێرو نیوە دێری شیعری بێسارانیی ئاماژە پێ داوەو تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆیی کردوون و بەو هەموو ڕێزەوە سەیری بەرهەمی بێسارانی کردووە.

هەرچەندە بونیادی ئەم غەزەلانە، لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی: (من) ی شاعیر، پاڵەوانی لیریکی- یان دڵدار دامەزراون، بەڵام سیمبۆلەکانی تر بەتایبەتی خەزان، سوەیل هەمیشە دەوریان لەم غەزەلانەدا هەیەو جێگۆڕکێ لەئەرکە هونەرییەکانیاندا دەکەن، تەنانەت جۆری بونیادەکەو ئەم دوو تەوەرەیەش بەوشێوە باوە نین، کە ڕاستەوخۆ شاعیر ڕوو لە دڵدارەکەی بکات، شاعیر لەخەم و ئازاردا بتلێتەوەو یاریش خەریکی درەوشانەوەو خۆ ئارایشتکردن و ناز فرۆشتن بێ. گەلێ جار لەسەر زمانی خەزان، سوەیل و بە بەکارهێنانی ئەم کۆدانە بەشێوەیەکی دانسقەو ناڕاستەوخۆ ئەم کارە کراوە.

ئێمە کە دێین لەبەرهەمی بێسارانی بەشێوەیەکی هاوچەرخ دەکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بەرهەمەکەی چەندێ لایەنی هونەریی پاراستووەو چۆن دەتوانرێ دنیاکەی ڕوون بکەینەوە. بە بایەخترە ئەگەر شاعیر نەك لە بابەتێکی ئاساییدا کە چێژو سەلیقەی دەوروبەری ڕەچاو کردبێ، بەرهەمی نایاب پێشکەش بکات..بەڵکو لە بابەتێکی زۆر بایەخ پێ نەدراودا داهێنانی ڕەسەن بکات.

بێسارانی توانیویەتی لەهەندێ کەرەسەو وشەو دەربڕینی دیاریکراو دنیایەکی شیعری بخەملێنێ، کە ڕەنگن و جۆراوجۆری پێوە دیارە، ئەمەش دەستەڵاتی هونەریی شاعیر دەردەخات، چۆن بە چەردەیەك وشەو سیمبۆل ئەزموونی جیاجیای خۆی دەربڕیوەو مۆدێلاندوونی.

شاعیر بەچاوی نیگارکێش و هونەرمەندێکەوە لەدەوروبەرو شتەکانی ڕوانیوە، وەك ئەوەی یەکەمجار بیێ بینیبێتنی. شتەکان ئەرکی هونەری دەگرنە ئەستۆو هەر (شت) نین کە وێنەی فۆتۆگرافیی ڕووتیان گێرابێ و واتا بەخشن. جاری واش هەیە بێسارانی، وێنەیەك دەکا بە بنەماو وەك موتوربەکردنی درەختێك کە چەند خەڵفێکی لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها شیعری بێسارانی چنین و داڕشتنێکی هونەریی بەرزی تێدایە، کە لەڕووی زمان و وێنەو ئاوازەوە لەو تێکستانەن کە ئاستێکی باڵاو نەمریان هەیە. بەتایبەتی وێنەو میتافۆرەکانی کە ناوازەو دانسقەن، لە تێهەڵکێشێکی وشەو ئاماژەو هێماو نیشانەکانەوە درووست بوون.

بەپێچەوانەی ئەو غەزەلە کوردییەی کە بە یاساو ڕێساکانی غەزەلی کلاسیکیی عەرەبی-فارسی نووسراوەو تیایدا باس لە جیاجیای و ئازادیی تاکە بەیت دەکرێ. بێسارانی ڕەگەزێکی داستانە شیعر، کە وابەستەیی و پەیوەندیی دێڕی غەزەلەکانە بەیەکەوە، هەروەها شێوازی گێڕانەوەو دیالۆگی هێناوەتە ناو لیریکی خۆی، ئەمەش مۆرکێکی کوردیی ڕەسەنەو بونیادی غەزەلەکان پتەو دەکات و جۆرە تازەگەرییەکیشی تێدایەو لە زۆربەی ئەو غەزەلە پایزانەدا کە بە نموونە هێناومانتەوە ئەمە بەدی دەکەین و دەکرێ ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت.

ئەم پایزە غەزەلانەی بێسارانی، کڵاوڕۆژنەی سەردنیای ڕەنگن و بەرینی لیریکی ئەون.. لیریکێك کە دەربڕی سرووشتی دڵگیری هەورامان- کوردستانە. لیریکی دەربڕی هەست و نەست و چێژی جوانیناسیی مرۆڤی کوردە، کە خۆشەویستی پەیامییەتی، خۆشەویستیی یار، هی سرووشت، هی هەموو جوانییەك کە لەخەم و دڵەڕاوکەی مرۆڤ کەم بکاتەوەو جۆرە ئازادییەکی گیانی پێ ببەخشێ، بە چێژ وەرگرتن لە ناسکبێژی و جوانی.

## پەراوێزەکان

---

* هەندێ زاراوەی لاتینی بەکارهاتوون هەوڵی لێکدانەوەیان دەدەین:
- motiv، مۆتیڤ، image، idea، situation... بیرۆکە، بابەت، باس، مەرام، هۆکار....هتد.
- Paradigm پارادیگم: مۆدێل، نموونە، ئەو یەکە زمانییانەن کە دژی یەکن و لەهەمان کاتدا شتێکی هاوبەشیان هەیە.

** لەکتێبی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ۱۹۹۰، ستۆکهۆڵم) دا، کە بەشی یەکەمی تەرخانی: ((گۆرانەکان، دیالێکت و ئەدەبیانە)) ە، بەدرێژی باسی گۆرانەکان و ئەدەبیان کراوە، هەروەها موناقەشەیەکی بیروڕای ڤ.مینۆرسکی و ب.ن.سۆن...هتد. کراوە، هەروەها کورتەیەکی دەربارەی لیریکای شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی و لەوانەش بێسارانی تێدایە. ئەمە بێجگەی لەوەی باسی کاریگەریی شاعیرانی گۆران لە مەولەوی و ئەم لەئەوان کراوە.

*** کاتێ من باسی ئەم تۆژینەوەیەی خۆمم کرد، د.محەمەد ئەحمەد کەساس، وتی کە ئەویش باسێکی لەو بابەتەی بەناوی (تێکستە پایزییەکانی بێسارانییەوە)، لە ژ ٥، ساڵی ٢٠٠٦ ی گۆڤاری (زانکۆ) ی کۆیەدا بڵاوکردۆتەوە. بۆیە وەك ئەمانەتێکی زانستی باسی دەکەم و سوپاسی دەکەم، چونکە باسەکەی خۆی بۆ هێنام و خوێندمەوە. بەڵام باسەکان جیاوازن و هەرکەسە بە شێوازی خۆی لەهەمان بابەت کۆڵیوەتەوە.

**** من چاپەکەی کاك حەکیمی مامۆستا مەلا ساڵحم کردووە بە سەرچاوەی سەرەکی. ڕاستییەکەی ئەم چاپە زۆربەی شیعرەکانی بێسارانی گرتۆتەوەو بەشێوەیەکی باشیش لێکدراونەتەوە، خزمەتێکی چاکی شیعری بێسارانی و شیعری هەورامیشە بەگشتی.

***** من دیسان سیستێمی کۆدم بەکارهێناوە، ژمارەی یەکەمی ناوکەوانەکان، ئاماژەی ژمارەی سەرچاوەکەیە کە لەدوایی باسەکەوە نووسیومن. (ل) لاپەڕەو ژمارەی لاپەڕەکەشی دەست نیشان کراوە.

****** لەبەرئەوەی ناوی دیوانەکەی بێسارانی زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش ئاوا ئاماژەی پێ دەکەین: ((بێسارانی، ل...))، هەروەها بۆ دیوانەکانی تریش بەهەمان شێوە: ((دیوانی مەولەوی، ل....))، ((دیوانی گۆران، ل...)).....هتد.